**به ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**به ناوی گەلەوە**
**ئه نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ١٩**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/١٠/١**

(( **بــڕیـــار** ))

لەسەر ئەو یاساكارییەی كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی رۆژی (٢٠٠٠/١٠/١)یدا ئەنجامی داوەو ، پشت بە حوكمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژماە (١٩)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی كە برگە (٣)ی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧)پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسـای ژماره (٥)ی ساڵی ٢٠٠٠

## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاریی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مـاددەی پێنجـەمی یاسـای ژمـارە (٢٠)ی سـاڵی (١٩٩٣)ی وەزارەتـی یارمـەتیی مرۆڤایـەتی و هاوکاریی هەرێمی کوردستانی عێراق هەمواربکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

**ماددەی پێنجەم :**

پەیکەربەندی (پێکهێنەکانی)وەزارەتەکە لەمانە پێك دێ :

١. نوسینگەی وەزیـر .

٢. نوسینگەی بریکاری وەزارەت .

٣. بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوان :فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سـەرۆکایەتی دەکـا بـە مـەرجێ بڕوانامـەی سـەرەتایی زانکـۆیی هـەبێ ، ئەمانـەی خوارەوەشـی پێـوە دەبەسترێ .

أ. بەڕێوەبەرێتی حسابات (ژمێریاری) .

ب. بەڕێوەبەرێتی تەدقیقکردن .

ج. بەڕێوەبەرێتی ئیدارەو زاتییە .

٤. بەڕێوەبـەرێتی گـشتیی پێوەندییـەکان : فرمانبـەرێ بـە پلـەی بەڕێوەبـەری گـشتی سـەرۆکایەتی دەکـا بـە مـەرجێ بڕوانامـەی سـەرەتایی زانکـۆیی هـەبێ ، ئەمانـەی خوارەوەشی پێوە دەبەسترێ .

أ. بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوەکان .

ب. بەڕێوەبەرێتی تەنسیق و ئامادەکردنی پرۆژەو بەدواداچوون .

٥. بەڕێوەبەرێتی گشتی سەفەرکردن : فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ .

٦. بەڕێوەبەرێتی گشتی نوێنەرایەتییەکانی هەندەرانی حکومەتی هەرێم : فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا ، بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ ، بە مەرجێ ، لە کەمی زمانی ئینگلیزی بە تەواوی بزانێ ، نوێنەرایەتییەکانی هەندەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیان پێوە دەبەسترێ کە ئەم دەسەلاَتانەی خوارەوەیان پێ دەدرێ .

أ. تەحریری میرات (( تحرير التركات )) .

ب. پێڕاگەیاندنی (( تبليغ ))ی ئەوراقی دادگایی .

ج. دەسەلاَتی هەقیانەتنووس ( دادنووس )) .

د. بەجێگەیاندنی داواکارییەکانی جێگرتنەوە لە پێچانەوەدا (( الأنابة في التحقيق ))

هـ. جێگرتنەوە لە سوێنددانداا (( الأنابة في التحليف )) .

و. موخابەرەکانی معاملەی حاڵوئەحواڵی مەدەنی .

ز. موخابەرەکانی کاروباری کۆنسلگەری .

٧. بەڕێوەبەرێتی کاروباری یاسایی .

**ماددەی دووەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ، ناخرێتەکار .

**ماددەی سێیەم :**

ئەم یاسایە لەو ڕۆژەوەی کە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاَودەکرێتەوە ، دەخرێتەکار .

**د. ڕۆژ نـــوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

(( **هۆکاری پێویست** ))

لەبەر ئەوەی کە ئەرك و فرمانی ئەم وەزارەتە ، لە بواری بۆ هەندەران ســەفەرکردندا